## هەڵەبجەییەکان تەنها پێویستییان بە کۆلێژی شەریعە هەبوو!! ... عەلی مەحموود محەمەد

ئەمڕۆ 27-4 هەواڵێکی مژدە بەخشم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خوێندەوە، ئەویش ئەوە بوو، هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی لە ناو ئاپورەی لافیتە سەوز بەدەستانا، مژدەی جیبەجێکردنی داخوازەکانی خەڵکی شاری هەڵەبجە و کردنەوەی کۆلێژی شەریعەی بە جەماوەری شار ڕاگەیاند، ئیتر نازانم ئەوانەی چەپڵەیان بۆ ئەو دەستکەوتە مێژوییە لێدەدا، ئەندامانی سۆسیال دیموکراتی یەکێتی بوون، یان ساداتی بەرزنجەو خزمانی نەقشبەندی.

نازانم بریندارەکانی شاری هەبەبجە چەند دەیەیە چاوەڕوانی کردنەوەی ئەو کۆلێژەن، بەڵام ئەوە باش دەزانم پێویستی حەیاتیان بەو کۆلێژەیە، تاکو دەرچووانی بتوانن بەو نوشتەو جادوانەی لەو کۆلێژەوە فێری دەبن، چارەسەری بریندارەکانی شار بکەن، کە 18 ساڵە بەدەم ئێش و ئازارەکانییەوە دەناڵێنن و دەتلێنەوە.

بێشك دەسەلاتیش قەرزار باری هەموو ئەوانەیە، کە لە خۆپیشاندانەکەی ئەمساڵی هەڵەبجە، هاواریان کرد نامانەوێت پەرلەمان هەڵەبجە بخرێتە سەر ئێران، بەمەش خۆپیشاندانی ڕەوای خەڵکی هەڵەبجەیان بەلاڕێدا برد، ئەوەی مسۆگەرە بۆمان دوای کردنەوەی ئەم کۆلێژە، لە ساڵی داهاتوو، هاوار دەکرێت کوردستان بخرێتە سەر قەندەهار، ئەمجار لێدانی خەڵك چەورتر و ڕەواتر دەبێت بۆ دەسەڵاتداران، خێری ئەم کۆلێژە لەمەدایە.

جارێ مایتی پاش 5 ساڵی دیکە، هەمان دەسەڵاتداران کە قەت کورسییەکە بەجێ ناهێڵن، ئەوجار بەردەبنە گیانی قوتابیانی هەمان کۆلێژ، دەزانن گەل زاکیرەی لاوازە و لەبیریان کردووە کە هەر خۆیان تەمبەڵەکەیان داناوە، چونکە دەسەلات بەبێ ڕاو بێ مانایە، ڕاویش بێ نێچیری دەستەمۆکراو.

http://www. pukmedia. com/kn-htm/Kn19. htm
http://www. pukmedia. com/Kurdistani%20Nwe/27-4-2006/Kurdistani%20Nwe. htm